اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

No:
Date:

ژمارە: ١٠٦٢٧
ڕێکەوت: ١٥ / ٨ / ٢٠١٨ زاینی
٢٦ / ٥ / ٢٧١٨ کوردی

## ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٨)

**ڕێنمایی هەمواری سێیەمی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٥)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠١٥-٢٠١٦)**
**ڕێنمایی هەمواری سێیەمی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠١٦-٢٠١٧)**
**ڕێنمایی هەمواری چوارەم ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠١٦-٢٠١٧)**
**ڕێنمایی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٦)ی تایبەت بە پێدانی نازناوی زانستی**

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی کاندیدان و قوتابیان و خوێندکارانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و خوازیارانی وەرگرتنی نازناوی زانستی و، بە مەبەستی ڕەخساندنی دەرفەتی دەستپێکردن بە خوێندنی ماستەر و دکتۆرا و، وەرگرتنی نازناوی زانستی، بە ڕەچاوکردنی پاراستنی مەرجەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی، **بڕیاردرا بە** هەموارکردنەوەی بڕگەکانی تایبەت بە مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی کە لەو ڕێنماییانەی سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، بەم شێوازەی لای خوارەوە:-

١. هەموو ئەو قوتابی و خوێندکار و کاندیدانەی کە یەکێک لە تاقیکردنەوە ستاندەردەکانی توانستی زمانی ئینگلیزیان ئەنجام داوە، کە بریتین لە (IELTS, TOEFL-iBT, TOEFL-PBT, Pearson Academic-PTE)، بەڵام نمرەی پێویستیان بە پێی ڕێنماییەکان بەدەست نەهێناوە، بە پێی ئاستەکانیان دەچنە ناو کۆرسێکی ستاندەردی تایبەت بە پەرەپێدانی زمانی ئینگلیزی کە لە لایەن ڕێکخراوی (AMIDEAST)ی قازانج نەویستی نێودەوڵەتی بە هەماهەنگی سێنتەرەکانی زمانی ئینگلیزی زانکۆ حکومیەکانی کوردستان ڕێک دەخرێن.
٢. دیاریکردنی ئاستی کاندیدەکان و تاقیکردنەوەی ستاندەردەکانی ئەم کۆرسانە لە لایەن ڕێکخراوی (AMIDEAST)ی قازانج نەویستی نێودەوڵەتی بە هەماهەنگی سێنتەرەکانی زمانی ئینگلیزی زانکۆ حکومیەکانی کوردستان ڕێک دەخرێن.
٣. پێویستە کاندیدەکان بەشداری هەموو ئەو کۆرسانە بکەن، کە بۆیان دیاریدەکرێت و لە تاقیکردنەوەی کۆتایی تایبەت بە ئاستەکان سەرکەوتووبن، دواتر دەتوانن دەست بە خوێندنی ئەکادیمی بکەن.
٤ ئەم کۆرسانە ئەو کاندیدانە ناگرێتەوە کە هیچ جۆرە تاقیکردنەوەیەکی ستاندەردی توانستی زمانی ئینگلیزیان لە ماوەی ئەم (٢) دوو ساڵەدا ئەنجام نەداوە.
٥. پێویستە تاقیکردنەوە ستاندەردەکانی زمانی ئینگلیزی ماوەی یاساییان بەسەر نەچووبێت، هەروەك لە ڕێنماییەکان هاتووە بۆ ماوەی (٢) ساڵ کاری پێدەکرێت.
٦. ئەم بڕیارە هەموو ئەو قوتابی و خوێندکارانەی ماستەر و دکتۆرا دەگرێتەوە کە لە ساڵی (٢٠١٥/٢٠١٦ و ٢٠١٦/٢٠١٧ ) لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراون.

٧. پزیشکەشکاران و خوازیارانی نازناوی زانستی بە پەیڕەوکردنی هەمان ڕێچکە دەتوانن سوود لەم بڕیارە وەربگرن.

٨. قوتابیان و خوێندکارانی بەشداربوو لەم کۆرسە، لە ماوەی (١) یەک ساڵدا لە دەستپێکردنی کۆرسەکانی زمانی ئینگلیزی بە پێی ئەم ڕێنماییە، دەبێت مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی دەستەبەر بکەن و، بڕوانامەی کۆتایی کۆرسەکان بەدەست بهێنن، بە پێچەوانەوە دوای ئەم ماوەیە فەرمانی زانکۆیی (هەڵوەشاندنەوەی کاندید- الغاء الترشيح)یان لە سەرۆکایەتی زانکۆکان بۆ دەردەکرێت.

٩. ئەو کاندیدانەی بەشداری ئەم کۆرسانە ناکەن، مەرجە لە ماوەی یاساییدا نمرەی پێویستی توانستی زمانی ئینگلیزی بە پێی ڕێنماییەکان دەستەبەر بکەن، بە پێچەوانەوە فەرمانی زانکۆیی (هەڵوەشاندنەوەی کاندید- الغاء الترشيح)یان لە سەرۆکایەتی زانکۆکان بۆ دەردەکرێت.

١٠. ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و، لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

Ministry of Higher Education & Scientific Research 2006
KRG Iraq
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکردە

د.یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:-**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەل ڕێزدا.
- وەزارەتی داد / ڕۆژنامەی وە قایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی / لەگەڵ ریزدا.
- ڕاوێژکاری جەنابی وەزیر بۆ کاروباری خوێندنی باڵا/ بۆ زانین / لەگەڵ ریزدا.
- ڕاوێژکاری جەنابی وەزیر بۆ کاروباری تواناسازی/ بۆ زانین / لەگەڵ ریزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی ، لەگەڵ بەراییەکان .
- دەرکردە خولاو .